# گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا لە هەرێمی کوردستان و عێراق؛ کارەساتی کۆکردنەوە و داپۆشینی زبڵ

01-10-2023

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە** : بەپێی راپۆرتێکی ئاژانسی هاریکاری نێودەوڵەتی ژاپۆن (کۆمپانیای ئەندازیاری یاچیۆ) لەبارەی کۆکردنەوەی داتا لەسەر زبڵ و خاشاک لە عێراق، بەتایبەتیش کەیسی هەردوو پایتەخت و پارێزگای بەسرە (2022)، ئەوا هەر تاکێک لە عێراق رۆژانە 1.36 کیلۆگرام زبڵ و پاشماوەی هەیە، کە ئەمەش نزیکەی نیو کیلۆگرامی لە ئاستی جیهانی زیاترە کە 0.74 کیلۆگرامە بۆ هەر تاکێک. بەگشتیش رۆژانە لە عێراق 20 هەزار تۆن و لە هەرێمی کوردستان 6 هەزار و 900 تۆن زبڵ و پاشماوە کۆدەکرێتەوە و بەشێوەیەکی ناتەندروستی ژینگەیی دەخرێتە ژێر خاکەوە.

## بەرایی

بەردەوامی کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاک بەمشێوەیەی ئێستا لە عێراق و هەرێمی کوردستان، بەتایبەتیش لە بەغدا و هەولێر کێشەی گەورە بۆ ژینگە و کەشوهەوا لە داهاتوو دروست دەکات، چونکە ئێستا عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە لەڕیزی وڵاتانی داهاتی سەروو- مامناوەنددایە (Upper-Middle Class Income) کە ئەمەش بەواتای گۆڕینێکی خێرای پاشماوە و زبڵی ڕۆژانە دێت، بەتایبەتیش لە مادده خۆراکییەکان و خواردنەوە بۆ مادده ناخۆراکییەکان بەتایبەتیش پلاستیک!

بەپێی ڕاپۆرتێکی ئاژانسی هاریکاری نێودەوڵەتی ژاپۆن (کۆمپانیای ئەندازیاری یاچیۆ) لەبارەی کۆکردنەوەی داتا لەسەر زبڵ و خاشاک لە عێراق، بەتایبەتیش کەیسی هەردوو پایتەخت و پارێزگای بەسرە (2022)، ئەوا هەر تاکێک لە عێراق ڕۆژانە 1.36 کیلۆگرام زبڵ و پاشماوەی هەیە، کە ئەمەش نزیکەی نیو کیلۆگرامی لە ئاستی جیهانی زیاترە کە 0.74 کیلۆگرامە بۆ هەر تاکێک. بەگشتیش ڕۆژانە لە عێراق 20 هەزار تۆن و لە هەرێمی کوردستان 6 هەزار و 900 تۆن زبڵ و پاشماوە کۆدەکرێتەوە و بەشێوەیەکی ناتەندروستی ژینگەیی دەخرێتە ژێر خاکەوە.

بەپێی ڕاپۆرتی بانکی جیهانی، ساڵانە 2 ملیار تۆن زبڵ و پاشماوە لە جیهاندا کۆدەکرێتەوە و پێشبینیدەکرێت تاوەکو 2050 بگاتە 3.4 ملیار تۆن، واتە بەڕێژەی 70% زیاتر بێت. هەروەها، بەجیاوازی وڵاتانیش بۆ هەر تاکێک لەنێوان 0.11 - 4.54 کیلۆگرام، وڵاتانی خاوەن داهاتی بەرز، کە تەنیا 16% دانیشتوانی جیهان پێکدەهێنن، بەڵام ساڵانە ڕێژەی 34% یاخود 683 ملیۆن تۆن پاشماوە و زبڵ بەرهەمدێنن.

لەسەر ئاستی عێراق، پارێزگای سەلاحەدین و زیقار ڕۆژانە زۆرترین پاشماوەی زبڵ و خاشاکی بۆ هەر تاکێک هەیە، بەڵام پارێزگای کەرکوک و نەینەوا کەمترین زبڵ و خاشاکی هەیە، کە بەشێوەیەک لە سەلاحەدین 4.02 کیلۆگرام و لە کەرکوک 0.82 کیلۆگرامە لە ڕۆژێکدا.

لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتیش لە پارێزگای هەولێر ڕۆژانە بۆ هەر تاکێک 1.33 کیۆگرام، واتە ڕۆژانە 1 هەزار و 760 تۆن و مانگانە 52 هەزار و 800 تۆن زبڵ و خاشاک کۆدەکرێتەوە، کە بەپێی ڕاپۆرتەکەی ئاژانسی هاریکاری نێودەوڵەتی ژاپۆن تێچووی کۆکردنەوە و فڕێدانی بەوشێوەیەی ئێستا و داپۆشینی لەژێر خاکدا مانگانە دەگاتە سەروو 2 ملیار و 300 ملیۆن دینار.

لەوانەیە ساڵانی ڕابردوو بەهۆی دوو هۆکاری سەرەکییەوە، زیانەکانی کۆکردنەوە و داپۆشینی بەمشێوەیەی ئێستا کەمتر بووبێت، یەکەمیان بڕی کەمی پاشماوەکان و دووەمیان پێکهاتەی پاشماوەی تاکێک لە ڕۆژێکدا. بەڵام ئێستا بڕی پاشماوەکان زۆرتر و پێکهاتەکەشی جیاوازتر بووە. بۆ نموونە ئەگەر لەساڵانی ڕابردوو زۆربەی خۆراک و مادده ئۆرگانییەکان بوو بێت ئەوا بەئاسانی شیبووەتەوە، بەڵام ئێستا بەهۆی زیادبوونی پلاستیک، نایلۆن و مادده نائۆرگانییەکان لە پاشماوەکاندا، وایکردووە کۆبوونەوە و شی نەبوونەوەی لەخاکدا بەڕوونی دەربکەوێت. دیارترین نموونەی گۆڕانکارییەکان لە پاشماوەی زبڵ و خاشاکی ڕۆژانەی تاکێک لە کۆمپانیاکانی گەیاندنی خۆراکەوە دەردەکەوێت.

بۆ نموونە بەتەنیا لە کۆمپانیایەکی گەیاندنەوە بەتێکڕا ڕۆژانە لە هەرێمی کوردستان سەروو 19 هەزار داواکاری هەیە، کە نزیکەی 12 هەزاری بەتەنیا لە هەولێرە، کە بەشی زۆری پێویستی بە بەکارهێنانی پلاستیک هەیە بۆ پاکێجکردنیان. ئەگەر هەریەکە لەو داواکاریيانە لەنێوان 0.5 - 1 کیلۆگرام پاشماوەی هەبێت، ئەوا ڕۆژانە بەلایەنی کەمەوە 9.5 تۆن و بەلایەنی زۆرەوە 19 تۆن پاشماوەی پلاستیک، نایلۆن و کارتۆنی دەبێت، کە پێشتر لەنێو پاشماوەکانی خێزانێک لە هەرێمی کوردستان بەمشێوەیە نەبووە.

لێرەدا بەدواداچوون بۆ پێکهاتەی زبڵ و خاشاک لە عێراق و هەرێمی کوردستان، بەتایبەتیش هەردوو پایتەخت و پارێزگای بەسرە دەکەین و هەڵوەستە لەسەر دیوێکی دیکەی زیانە ژینگەییەکانی بەردەوامی کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاک و مەترسییەکانی زیادبوونی بەکارهێنانی پلاستیک و زیانەکانی زیادبوونی گازی میسان دەکەین، کە 80 هێندەی دووانەئۆکسیدی کاربۆن مەترسیدارترە کە بەهۆی داپۆشینی لەمشێوەیەی ئێستاوە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەکات.

## پێکهاتەی زبڵ و خاشاک لە هەولێر و بەغداد و بەسرە

بەپێی ڕاپۆرتەکەی ئاژانسی هاریکاری نێودەوڵەتی ژاپۆنی لەساڵی 2020 دا 1 هەزار و 796 تۆن، لە 2021دا 1857 تۆن و 2022دا 1920 تۆن زبڵ و خاشاک کۆکراوەتەوە، کە تاوەکو 2023 دەگاتە 2 هەزار 463 تۆن زبڵ و خاشاک و پاشماوە.

خاڵێکی سەرنجڕاکیش و گرنگ گۆڕینی پێکهاتەی پاشماوە و زبڵی ڕۆژانەی تاکێکە، کە پەیوەستە بە داهاتی وڵات و تاکەوە، بەشێوەیەک

جیاوازییەکی زۆری هەیە، بۆ نموونە ڕێژەی 60%ی زبڵ و پاشماوەی وڵاتانی کەمدەرامەت خواردن و خۆراکە، لەکاتێکدا بە بەرزبوونەوەی داهاتی وڵات و تاک، پێکهاتەکە دەگۆڕدرێت و زیاتر دەبێتە پلاستیک و بەرهەمە ناخۆراکییەکان وەکو لە پێکهاتەی زبڵ و پاشماوەی هەردوو پایتەخت و پارێزگای بەسرە بەڕوونی دەردەکەوێت.

لەڕووی پێکهاتەشەوە لە پارێزگای هەولێر، بەپێی ڕاپۆرتەکەی کۆمپانیای ئەندازیاری یاچیۆ پاشماوەی خۆراک بەتەنیا ڕێژەی 31% و هەموو جۆرەکانی مادده پلاستیکییەکان ڕێژەی 27.7% پێکدەهێنێتلەکۆی ئەو زبڵ و خاشاکەی ڕۆژانە لە هەولێر کۆدەکرێتەوە و بەشێوەیەکی نازانستی کۆدەکرێتەوە و لەنێو دەبرێت، بڕوانە گرافیک 1 لەبارەی پێکهاتەی زبڵ و پاشماوەکان لە هەولێر.

ئێستا، پارێزگای هەولێر هیچ کارگەی ریسایکلین و بەکارهێنانەوەی پاشماوە و زبڵی تێدانییە، سەنتەری کۆکردنەوە و لەژێر خاکنانی پاشماوە و زبڵی هەولێر کانی قرژاڵەیە کە ڕۆژانە سەروو 1 هەزار و 700 تۆن، لە کانی قرژاڵە لەڕووبەری 37 هێکتار، کە تاوەکو ئێستا ڕێژەی 75%ی خاکەکە بەکارهێنراوە و تەنیا 25% ماوە بۆ بەکارهێنان. بەپێی ڕاپۆرتەکەی ئاژانسی هاریکاری نێودەوڵەتی ژاپۆن لە کۆی 23 خاڵ کە پێویستە لەشوێنێکی لەنێوبردنی پاشماوەکان هەبێت، تەنیا 7 دانەیان هەیە و هیچ هەنگاوێک بۆ کردنەوەی شوێنێکی نوێ نییە.

کانی قرژاڵە تەنیا 15 کیلۆمەتر لە سەنتەری شاری هەولێر دوورە و لەماوەی 17 ساڵی ڕابردوودا بە بەرزی 35 مەتر زبڵ و پاشماوە کۆبووەتەوە، کە ساڵانە دەکاتە 328 هەزار و 500 تۆن. لەڕاستیدا تاوەکو سەردانی نەکەیت و نەبینیت نازانێت چ کارەساتێک بەڕێوەیە، کە لەم ساڵانەی دواییدا بەهۆی پەنگخواردنی گازی میسانەوە ئاگر و دوکەڵ بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ بەردەوامی هەبووە و لەسەرەتاکانی مانگی ئاب ئەمساڵیشدا دوکەڵ ئاسمانی پایتەختی داپۆشی و بۆنێکی ناوخۆش بەهۆی ئاگرکەوتنەوە لەو زبڵخانە بڵاوبووەوە.

بەپێی هەمان ڕاپۆرتی ئاژانسی هاریکاری نێودەوڵەتی ژاپۆن، ڕۆژانە بەغداد لەساڵی 2020دا 10 هەزار و 427 تۆن پاشماوە و زبڵی هەبووە، کە دەکاتە 1.22 کیلۆگرام بۆ هەر تاکێک لەو ساڵەدا، کە چاوەڕواندەکرێت لە 2030دا بگاتە 14 هەزار و 889 تۆن لە ڕۆژێکدا. ئەم زیادبوونە بەشێوەیەکە کەوا ڕێژەی 80% پاشماوەکان لە پاشماوەی خۆراک، پلاستیک و کاخەز و کارتۆن پێکدێت. وەک لە گرافیکی 1دا هاتووە، کە  ڕێژەی 42% پاشماوەکانی مادده ئەندامییەکان، واتە خۆراک و 21% کاخەز و کارتۆن و 21% پلاستیک.

هەروەها، پارێزگای بەسرە کە ژمارەی دانیشتوانەکەی 1 ملیۆن و 510 هەزار کەس، ڕۆژانە 1 هەزار و 676 تۆن، لەساڵی 2021دا 1 هەزار و 734 تۆن و لە 2022دا 1 هەزار و 793 تۆن و چاوەڕواندەکرێت لە 2030دا بگاتە 2 هەزار و 303 تۆن.

لەڕووی پێکهاتەی زبڵ و پاشماوەکانەوە لە پارێزگای بەسرە ڕێژەی 54.8% ی پاشماوەی خۆراک و 25.2%ی پلاستیکە کە ئەمەش بەڕێژەی جۆر و بڕی پێکهاتەی زبڵ و پاشماوەکان بە بەراورد بە پارێزگای هەولێر تەواو جیاوازە.

گرافیک 1 پێکهاتەی پاشماوە، زبڵ و خاشاک لە بەغداد، بەسرە  و هەولێر



ڕێژە
60.00%
50.00%
40.00%
30.00%
20.00%
10.00%
0.00%
0.54%
54.80%
25.20%
2.60%
2.92%
3.50%
3.04%
0.40%
7.00%
21.00%
5.00%
21.00%
5.00%
6.00%
42.00%
2.36%
7.02%
31.41%
17.14%
1.21%
2.18%
6.40%
2.66%
1.51%
9.69%
4.05%
7.10%
3.76%
2.67%
0.84%
بەرهەمی چەرم و خوری
پاشماوەی خۆراک
پلاستیک (هەموو جۆرەکان)
دار
شوشە
قوماش
کاخەز و کارتۆن
ماددەکانی دیکە
ئاسن
پلاستیک
شوشە
کاخەز و کارتۆن
کانزا
ماددەی دیکە
ماددەی ئەندامی (خۆراک و هتد)
بتڵی پلاستیک، بتڵی سپی و هتد
بتڵی پلاستیک، بتڵی ئاو
پاشماوەی خۆراک
پلاستیک (هەموو جۆرەکان)
پلاستیک، لایلۆن
دار
داپێی
شوشە
کاخەز
کارتۆن
گیا و پووش
ماددەی ئەندامی دیکە
مادەی نائەندامی
ئاسن
ئەلەمنیۆم
بەسرە
بەغداد
هەولێر

سەرچاوە: راپۆرتێکی ئاژانسی هاریکاری نێودەوڵەتی ژاپۆن (کۆمپانیای ئەندازیاری یاچیۆ)، 2022

# زیادبوونی بەکارهێنانی پلاستیک و لێکەوتەکانی

هاوردەکردنی ماددەی پلاستیک لەماوەی دەیەی رابردوودا بەرێژەی 612% یاخود زیادبوونی ساڵانەی 24.4% زیادیکردووە، بەشێوەیەک هاوردەکردنی ساڵانە لە 40 هەزار تۆن زیادیکردووە بۆ 285 هەزار تۆن.

عێراق بەهاوردەکردنی 285 هەزار تۆن پلاستیک لە 2022دا سێیەم گەورەترین هاوردەکاری پلاستیکییە لە دوای ئیمارات و سعودیەوە دێت. هەروەها، بە پلەی چوارەم و بەدوای عێراق دا لەنیو وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەریەکە لە ئوردن بە 263 هەزار تۆن، عومان 202 هەزار تۆن، لوبنان 197 هەزار تۆن، کوەیت 105 هەزار تۆن و قەتەر 93 هەزار تۆن کەوتووە.

بەپێی داتا دەستخراوەکان لە یەکێک لە کۆمپانیاکانی گەیاندنی داواکاری لە هەرێمی کوردستان و بەغدا، بەتێکڕا رۆژانە نزیکەی 37 هەزار داواکاری هەیە، کە زۆربەی خۆراک و پاکیجینی پێویستە، ئەگەر هەر داواکارییەک 0.5 ـ 1 کیلۆگرام[1] پاشماوەی زبڵ بێت، ئەوا بەلایەنی کەمەوە 18.5 تۆن یاخود 37 تۆن پاشماوەی پلاستیک و نایلۆن و کارتۆن کە بەلایەنی کەمەوە بۆ ساڵیک دەگاتە 6 هەزار و 715 تۆن و بەلایەنی زۆرەوە 13 هەزار و 431 تۆن پلاستیک، نایلۆن و کارتۆن لەساڵیکدا، هەربۆیەش ساڵ بەساڵ بەکارهێنانی روو لە زیادبوون بووە وەکو لە گرافیکی 2دا هاتووە.

گرافیک 2: هاوردەکردنی پلاستیک بۆ عێراق لەنێوان 2011-2020 دا




سەرچاوە: EUROMAP Jan 2022/ Graph: fairtrade

لەڕووی بەکارهێنانی تاکەوە، بەرێژەی 22.8% ساڵانە بەکارهێنانی پلاستیک زیادیکردووە، بەشێوەیەک لە 2009دا هەر تاکێک 0.5 کیلۆگرام پلاستیک بەکارهێناوە، بەڵام لە 2022دا گەیشتووەتە 7.2 کیلۆگرام، هەروەها پێشبینیدەکرێت بگاتە 9 کیلۆگرام لە 2026دا.

گرافیک 5: دابەشبوونی پلاستیک بۆ هەر تاکێک لەماوەی نیوان 2009-2022دا لە عێراق /کیلۆگرام




سەرچاوە: EUROMAP  Jan 2022/ Graph: fairtrade

ئەم گەشەکردنەی بەکارهێنانی پلاستیک لە عێراق دەگەڕێتەوە بۆ پێچانەوە یاخود گەیاندنی خۆراک و کەلوپەل (Packaging) کە بەشێوەیەک ڕێژەی 59% کۆی بەکارهێنانی پلاستیک پێکدەهێنێت، بەدوایدا ڕێژەی 21% لە پیشەسازی بیناسازی، 3% بۆ کارەبایات و ئەلیکترۆنی و 3% بۆ ئۆتۆمبیل و ڕێژەی 14% بۆ کەرت و بوارەکانی دیکەیە.

هەروەها، بەپێی داتاکانی OEC عێراق لە 2021دا بە بەهای 263 ملیۆن دۆلار پلاستیک و بەرهەمەکانی پلاستیکی هاوردەکردووە و تەنیا بە بەهای 358 هەزار دۆلار هەناردەکردن بۆ دەرەوە هەبووە. ئەو وڵاتانەی عێراق ماددەی پلاستیکی لێوە هاوردە دەکات بە پلەی یەکەم چین بە ڕێژەی 70.3% و بە بەهای 185 ملیۆن دۆلار، بەدوایدا  تورکیا بەڕێژەی 16.7% و بە بەهای 43.8 ملیۆن دۆلار، ئینجا ئیمارات بەڕێژەی 3.23% و بە بەهای 8.48 ملیۆن دۆلار و ئوردن بەڕێژەی 2.14% و بە بەهای 6.33 ملیۆن دۆلار دێت.

## لێکەوتەکانی بەردەوامی ئەم شیوازەی کۆکردنەوە و داپۆشینی زبڵ و پاشماوە

ڕۆژانە بەتەنیا لە هەولێر، سەروو یەک هەزار و 700 تۆن زبڵ و پاشماوە لە زبڵخانەی کانی قرژاڵە فڕێدەدرێت. لە ساڵی 2003وە تاوەکو مانگی ئاب 2022 نزیکەی 300 دۆنم زەوی زبڵخانەکە پڕبووەتەوە! بڕوانە وێنەکانی خوارەوە.







سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاری و ژینگەپارێزی هەولێر، 21ی ئەیلوول 2023

کۆبوونەوەی زبڵ و بەرزبوونەوەی ئاستی زبڵەکە لە کانی قرژاڵە وایکردووە، ساڵانە بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی بۆنی ناخۆش و گڕگرتنی لەناکاو و بڵاوبوونەوەی دوکەڵی ژەهراوی لە ئاسمانی هەولێر حکومەت بیر لێبدات، کە لە 2020دا 40 بیر بە قوڵی 8-15 مەتر بووە.

بەردەوامیدان بەمشێوەیەی ئێستا لە داپۆشینی زبڵ و خاشاک لەژێر خاکدا دەبێتەهۆی دەردانی دوو گازی زیان بەخش کە سەرچاوەی سەرەکی گەرمبوونی زەوی و تێکچوونی کەشوهەوا، کە گازی میسان و دووانەئۆکسیدی کاربۆن. هەروەها، زبڵ و پاشماوەکان یەکێکە لە سێ سەرچاوە سەرەکییەکەی دەردانی گازی میسان لەدوای کەرتی کشتووکاڵ و کەرتی نەوت و گاز، کە ڕێژەی 20% دەردانی گازی میسان پێکدەهێنێت، کە ئەم گازەش بەڕێژەی 80% زیاتر پیسترە لە دووانەئۆکسیدی کاربۆن و بەرپرسیارە لە گۆڕینی کەشوهەوا و نیوەی ئەو 1 پلە سیلیزییەی لە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای زەوی باسدەکرێت.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی زانکۆی لاپێنرانتا-لاهتی بۆ تەکنەلۆژیا LUT لە فینلەندا، لە شاری لاپێنرانتا تەنیا بەگۆڕینی شێوازی کۆکردنەوە و داپۆشینی زبڵ لەژێر خاکەوە بۆ کارگەی ریسایکلین ئەوا دەردانی دووانەئۆکسیدی کاربۆن بۆ هەر تەنێک زبڵ و پاشماوە لە 945 کیلۆگرام کەمیکردووە بۆ 141 کیلۆگرام[2].هەروەها، پێویستە ئاماژەش بەوەبکەین کە لە هەولێر 98% ، لە بەغدا ڕێژەی 85% - 90% زبڵ و پاشماوەی ڕۆژانە کۆدەکرێتەوە و داپۆشینی لەژێر خاکدا بۆ دەکرێت، بەڵام شێوازی کۆکردنەوەکە و نەبوونی ریساکلین یاخود چارەسەرکردن وایکردووە مەترسییەکان زیاتر بکات. کە مەترسییەکان ئەم شێوازەش لە زیادبوون دایە بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانەوە.

لەنیو ئەو سێ پارێزگایەی عێراق، لەساڵی 2022دا هەولێر زۆرترین زبڵ و پاشماوەی بۆ هەر تاکێک هەبووە، کە 1.33 کیلۆگرام ڕۆژانەیە، تاوەکو 2030 دەگاتە 1.45 کیلۆگرام کە بە بەراورد بە بەغداد و بەسرەش تاوەکو 2030 زیاتر لەوان زیاتر دەکات.

خشتەی 1: پێشبینییەکان بۆ پاشماوەکان و زبڵ لە پارێزگای بەغداد، بەسرە و هەولێر لە 2030 دا

| شار | ساڵ | ژمارەی دانیشتوان | پاشماوە و زبڵ (تۆن /ڕۆژانە) | داپەشبوونی زبڵ و پاشماوە بۆ هەر تاکێک (کیلۆگرام/ڕۆژانە) |
|---|---|---|---|---|
| بەغداد | 2020 | 8,547,729 | 10,427 | 1.22 |
| | 2021 | 8,769,970 | 10,805 | 1.23 |
| | 2022 | 8,997,989 | 11,197 | 1.24 |
| | 2029 | 10,769,040 | 14,368 | 1.33 |
| | 2030 | 11,049,035 | 14,889 | 1.35 |
| بەسرە | 2020 | 1,510,330 | 1,676 | 1.11 |
| | 2021 | 1,547,197 | 1,734 | 1.12 |
| | 2022 | 1,584,064 | 1,793 | 1.13 |
| | 2029 | 1,842,131 | 2,236 | 1.21 |
| | 2030 | 1,878,998 | 2,303 | 1.23 |
| هەولێر | 2020 | 1,372,223 | 1,796 | 1.31 |
| | 2021 | 1,405,141 | 1,857 | 1.32 |
| | 2022 | 1,438,111 | 1,920 | 1.33 |
| | 2029 | 1,670,457 | 2,391 | 1.43 |
| | 2030 | 1,703,885 | 2,463 | 1.45 |

سەرچاوە: ڕاپۆرتێکی ئاژانسی هاریکاری نێودەوڵەتی ژاپۆن (کۆمپانیای ئەندازیاری پاچیۆ)، 2022

سەرچاوە: ڕاپۆرتێکی ئاژانسی هاریکاری نێودەوڵەتی ژاپۆن (کۆمپانیای ئەندازیاری پاچیۆ)، 2022

## کۆتایی

عێراق و هەرێمی کوردستان بەپێچەوانەی وڵاتانی ئەورووپاوە بە ئاراستەی زیادبوونی زبڵ و پاشماوە دەڕوات، ئاسۆکانی بنیاتنانی کارگەی ریسایکلین و شێوازی نوێ کۆکردنەوەی پاشماوە و زبڵ دیار نییە، لەکاتێکدا یەکێتی ئەورووپا نزیکەی دەیەیەک پێش ئێستا بڕیاری کۆتایهێنان بە داپۆشینی زبڵ و خاشاکی لە تەواوی وڵاتانی ئەندام لە یەکێتییەکە دەرکردووە و پلانی ڕێژەی 70% زبڵ و خاشاکی داناوە بۆ دووبارە بەکارهێنانەوە و ریسایکلین بەشێوەیەکی نوێ. بۆ نموونەش لە 2021 دا لە هەموو وڵاتانای ئەندام لە یەکێتییەکە نزیکەی 50% زبڵ و خاشاکی ریسایکلکردووەتەوە و بەتەنیا لە ئەڵمانیا ڕێژەی 71.1% زبڵ و خاشاکی ریسایکلین کردووە و دووبارە بەکارهێنراوەتەوە.

لەڕاستیدا، مەترسییەکانی ئەم شێوازە لە کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاک لەسەر ژینگەی شارەکان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێت و ئەو شوێنەی لێی فڕێدەدرێت، ئەویش بەهۆی زیادبوونی ماددەکانی پلاستیک لەنیو پاشماوەکاندا.

هەروەها، 1 تۆن لە فڕیدان و داپۆشینی زبڵ و خاشاک بەوشێوەیەی ئێستا دەبێتەهۆی دەردانی 50 کیلۆگرام لە گازی میسان، کە هەر یەک کیلۆگرام لە میسان CH4 یەکسانە بە 84 کیلۆگرام لە دەردانی دووانەئۆکسیدی کاربۆن CO2، واتە ڕۆژانە لە هەرێمی کوردستان 29 هەزار تۆن لە دووانەئۆکسیدی کاربۆن دەردەدرێتە نیو هەواوە بەهۆی پاشماوە و زبڵەوە!

له کۆتاییدا، نموونەیەکی زۆر سادە لەبارەی کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاک لە هەرێمی کوردستان وعێراق دەتوانرێت جێبەجێبکرێت، بەتایبەتیش لە سەنتەری شارە گەورەکان، بۆ نموونە کۆکردنەوەی زبڵ و پاشماوەی نیو شار و پرۆژە نوێیەکانی نیشتەجێبوون بەشێوەی جیاکراوە، نەوەکوو بەهەمان شێوازی کۆن و تێکەڵکردنی هەمووی پێکەوە، بۆ نموونەش لە یەکێک لە پرۆژەکانی نیشتەجێبوون، کە 1160 یەکەیە، رۆژانە سەروو 5 تۆن زبڵ و پاشماوە کۆدەکرێتەوە، کە ئەگەر کۆکردنەوەی بەجیا بێت، دەتوانرێت سەروو نێوەی دووبارە بەکاربهێنرێتەوە. هەروەها، ئەوەش راستە کارگەی ریسایکلین نییە ئەگەر جیاش بکرێتەوە، بەڵام هیچ نەبێت زۆربەی دەتوانرێت راستەوخۆ سوودی لێوەربگرێت وەک کۆکردنەوەی کارتۆن و کاخەز و مادده پلاستیکییەکان.

**بۆ خوێندنەوەی بەشی سێیەم کلیک لێرە بکەن،**[گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا لە هەرێمی کوردستان و عێراق؛ دەردانی دووانەئۆکسیدی کاربۆن و کوالیتی هەوا]

## سەرچاوەکان:


*Ministry of construction and housing and municipalities and public works regional ministry of municipalities and tourism in Kurdistan mayoralty of Baghdad, Basrah city and Erbil city DATA COLLECTION STUDY ON SOLID WASTE MANAGEMENT IN IRAQ (no date) Jica.go.jp. Available at:*

(https://openjicareport.jica.go.jp/pdf/12367256.pdf (Accessed: September 20, 2023).

The World. *Bridging the Gap in Solid Waste Management Governance Requirements for Results.* Washington DC: The World Bank Group, 2021.


---

[1] ئەم بنەمایە لەسەر کۆکردنەوەی زبڵ و پاشماوەی رۆژانەی داواکاریی لە یەکێک لەو کۆمپانیانە بووە و پێوانەکراوە بۆ ماوەی پێنج رۆژ بۆ تاکێک، کە رۆژی یەکەم 0.875 کیلۆگرام، رۆژی دووەم 0.450 کیلۆگرام، رۆژی سێیەم 0.900 کیلۆگرام، رۆژی چوارەم 1.200 کیلۆگرام و رۆژی پێنجەم 0.400 کیلۆگرام بووە.

[2] kgCO2eq./tHE net emission in CO2 equivalents for the treatment of 1 tonne of kitchen and garden waste